# ژوانی داهاتوو لە پەنا بێشکەی شیعرەکانم

رەزا کازمی

لە بلاوکراوەکانی خانەی ڕۆنان بۆ چاپ و بلاوکردنەوە

زنجیرە (٥)

# ژوانی داهاتوو لە پەنا بێشکەی شیعرەکانم

شیعر

ڕەزا کازمی

و. جەبار سابیر

سلێمانی ٢٠١٢

» ژوانی داهاتوو لە پەنا بێشکەی شیعرەکانم

» رەزا کازمی

» بابەت: شیعر

» تایپ و هەڵەچن: وەرگێر

» نەخشەسازی و بەرگ: جەبار سابیر

» چاپ: یەکەم، **٢٠١٢**

» چاپخانە: یاد، بازاڕی سۆز، نهۆمی سێ

» تیراژ: دووسەد و پەنجا دانە

» نرخ (**٢٠٠**) دینار

» ژمارەی سپاردن ( )ی کتێبخانە گشتییەکانی دراوەتێ.

**سەرچاوە فارسییەکە:**

**قرار بعدی، پای گهوارەی شعرهام**

رضا کاظمی

**چاپ دوم**

**نشر مهر نوروز**

**ساڵ ١٣٩١ خورشیدی.**

## ١

دەڕۆیت

بیێەوەی بزانی دڵی منە

لە سینەتدا لێدەدات!

## ٢

سبەی دەتبینم و

ئێستایش هەرچی دەکەم خەوم لێناکەوێت.

بە چی دەچیەوە سەر هەتاو؟!

**٣**

بۆنی مانەوەم لێدێت

دەبیتە بەلەمم بدەم لە دەریا؟!

٤

خەریکە وشەکانم لێهەڵدێن

کاتێک ناوی تۆ لە نێو خۆیاندا نابینن!

**٥**

شیعرە عاشقانەکانم

بە کەڵکی درزی دیواریش نایەن،

کاتێک تۆ نیت!

٦

ئەمجارە کە هاتیت

خۆت هەڵبدەرە چاوەکانمەوە

رەنگە ئیتر نەتبینم!

گەر ژوانێکیش بوو لە پەنا پێشکەی شیعرەکانم.

## ٧

تا ئەو کاتەی دەدرەوشانەوە

بە چاوەکانت دەژیام.

بەڵام ئێستا

ئەم هەورە لەعنەتیانە

خەریکن دەست بۆ خۆکوژییەکەم دەبەن!

## ٨

بەهار

هیچ قەرزاری تۆ نییە

کاتێک چاوەکانت

لە ساتێکدا،

هەزار پەردەی رەنگ دەگۆڕن!

**٩**

هیچ پەیوەندییان بە تۆوە نییە ئەم شیعرانە!

کەسێک

لە مندا هەیە هەموو شەوێک

دەنووسرێت.

**١٠**

کاتێک دەڕۆیت

قاپییەکە لە دوای خۆتەوە دابخە!

ئەم ماڵە

ئیتر نابێتە میوانخانە.

**١١**

ئەوەندە تەقەڵ لێمەدە!

ئیتر جێی تەقەڵ درووی نییە

ئەم دڵە لاسارە!

**١٢**

باران دەبارێ و

منیش

هەموو ڕۆژەکە بێ چەتر

بیرم لە تۆ دەکردەوە.

**١٣**

دەریا دەدەی بە باوە ئاخر

کاتێک لە ئاوت نەداوە

مەبەستی ڕۆیشتنت هەیە!

١٤

باڵندەیەک لە چاوەکانتدا بوو،

ئێستا نییە.

ئیتر چۆن بتنووسمەوە؟!

١٥

وەرە لە بڕی ئەستێرە ژماردن،

پیاسە بکەین.

درەنگتر دەمرین!

## ١٦

دەبێت پتر هەست و نەستم گرد کەمەوە

ئەوەندە راکێشەری

تا قەیتانی وشە شلدەکەمەوە

جێمدەهێڵن

لە دەوری تۆ گرددەبنەوە!

١٧

وەرە بابڕۆین

سنەوبەرەکانی ئەم باخە

دڵیان لەبەر بادا تەکاندووە.

**١٨**

هەر کە دەست بۆ قەڵەم دەبەم

سۆراغی تۆ دەکەن وشەکان.

**١٩**

جگەرەیەکەم بۆ داگیرسێنەو

بیخە بەینی لێوانمەوە و

دوور کەوەرەوە

پڕم لە بارووت!

**٢٠**

چما سروەیەکی بەیان لە سەمەرقەندەوە بێت

کاتێ نیگات

سڵاوم لێدەکات.

**٢١**

شەوان

ژوورەکەم مانگی نییە

چاوەکانتم بە قەرز دەدەیتی[٧] تا سبەی؟!

**٢٢**

هەموو ڕۆژێ دەتخۆمەوەو

تەواو نابی

مەگەر کام ڕووباری هەنگوین

دەڕژێتە چاوەکانتەوە؟!

**٢٣**

هەموو سپێدانێک بە دەنگت خەبەرم دەبێتەوە

کاتێ لەودیو پەنجەرەکەمەوە

کوکوختی بووی.

ئێستا بەردەوام دەنووم!

**٢٤**

ئەویندار بەو

شیعرە ناتەواوەکانم

تەواو کە!

**٢٥**

وەکبڵێی

بە شوێن گەلەی کەڵەکێوی

چاوەکانتا رامکردبێت

کاتێک سەیرم دەکەیت!

**٢٦**

سازەکەت

لەگەڵ بەهار کۆککە

منیش لەگەڵ

چاوەکانت!

## ٢٧

دەنگم

تاقە کلیلی بێدەنگی تۆیە

لەگەڵ خۆت بمبە

هیچ قوفڵێکی دی ناکەمەوە!

**٢٨**

هەرچەندێک پتر تۆم دەوێت

دوورتر دەکەویەوە.

بگەڕێرەوە

بەڵێن دەدەم ئیتر خۆشم نەوێی!

**٢٩**

ئیتر ناتنووسم.

هەر کەسێ سەیری چاوەکانم بکات

تۆ دەخوێنێتەوە!

**٣٠**

هەموو بەیانیانێک لە پشت پەنجەرەکەمەوە

قومرییەکان ئەوین خەبەر دەکەنەوە.

## ٣١

لە نێو دارستانی دار کاژی مەنگدا

هەر کورسییەکی چۆڵ

دەکرێت جێی تۆ بێت و

ئێرە

چەندە کورسی چۆڵی لێیە!

**٣٢**

ژیان خەریکە بە پێچەوانەوە دەسوورێت و

دوور و دوورتر دەخاتەوە.

خۆزگە لە زمانی خولخلۆکەکانم دەزانی!

## ٣٣

ئەم هاتنە کتوپڕەت

جوانە.

ئارام و رازاوە، وانییە!

**٣٤**

لە هیچ کوێ شوێن پێی خودا نابینم

مەگەر لەسەر دەفتەری شیعرەکانم.

شاعیرێکی چەند کافرم من!

## ٣٥

ئەمڕۆیش تێپەڕی و

نەهاتی.

ناشوکر نیم

سبەیش ڕۆژی خودایە!

## ٣٦

باوەشت

چەمێکی هێورە

هێشتا نەگەیشتۆتە دەریا

نووقمم دەکات!

**٣٧**

هەمیشە ڕەشم پۆشیوە.

ئەوین

موسیبەتێکی قورسە!

## ٣٨

گەیشتن

هیچ دروست ناکات

کاتێک بڕیار نییە

پێ بە پێم بێ.

**٣٩**

ئایا سبەی بەیانی دەتبینم

کە ئەمشەو مانگ

هێندە جوانە؟!

٤٠

سنووره‌کان

زمانی مه‌وداکان تێناگه‌ن.

هه‌ر چه‌ند دوورتر ده‌ڕۆم

نزیکتر ده‌بیه‌وه!

**٤١**

لە ئاوێنەکەتدا

خۆم دەبینم ئەی مانگ

لە نێو ئەم هەموو ئەستێرەیەدایت و

– دیسان تەنیا

**٤٢**

هەرچەند دەکەم

ئیتر خراپەکانتم بیر ناکەوێتەوە.

چما تووشی ئاڵزایمەر بووم، وانییە؟!

٤٣

هەوڵی بێهودە مەدە شاعیر!

ئاسمان

تەنها کاتێک دەبارێت خۆی حەز بکات.

**٤٤**

بگەمە هەر جێگەیەک

لەسەر زەوی دەنووم،

قەرەج ئاسا

رەنگە لەوێوە رۆیی بیت!

## ٤٥

سالأنێکە لە خولگەی نیگاتدا ماومەوە

وەک ئەستێرەیەکی چکۆلە

ساتێک پێڵوو لێکنێ

هەناسەیەک نوێکەمەوە!

٤٦

هەرچەند دوورتر بڕۆی

زووتر دەگەینە یەک.

جیهان،

ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکە چکۆلە دەبێتەوە!

## ٤٧

دڵ بەردان لە تۆ ئاسان نییە

کاتێک بە چاوەکانت ڕاتگرتووم،

وەک حیکایەتی شەمەندەفەر و زاهیدێ!

**٤٨**

ئیتر دڵم بۆ کەس تەنگ نابێت

تەنانەت بۆ تۆیش!

مردووەکان

لەسەر هێڵی دڵتەنگی ناڕۆن.

**٤٩**

بۆ هەر کوێ بچی،

دەمبینی.

شەوێکیان شێت ئاسا هەموو شار

بە خەیاڵتەوە پیاسەم کردووە.

**٥٠**

ئاخر لە یەڵدای

شەوی چاوەکانتدا

وندەبم.

مۆمێک داگیرسێنە!

## ٥١

ئەمڕۆ ڕۆژی لە دایکبوونتە

بەڵام من هیچ دیارییەکم بۆت نییە.

سەیرکە!

دەستەکانم خاڵی و

دڵم پڕ.

**٥٢**

بۆ مانەوە لەگەڵ تۆ

دەبێت قوفڵی بێدەنگیت بکەمەوە

بەڵام،

هەمیشە کلیل دەستی تۆیە!

## ٥٣

لە تۆ

تەنها چاوەکانتم بینیوە

ئەمەیش بەسە!

٥٤

ئازادی

قسەی پڕوپووچە

کاتێک قەفەس

هەموو تۆ بێت!

**٥٥**

بەهار و ئەم هەموو دڵتەنگییە؟!

نا،

رەنگە فریشتەیەک

بە هەڵە

پەڕەی وەرزی هەڵدابێتەوە!

٥٦

نە خوویەکی خراپم

نە کرداریکی زۆل

نە گوناهیکی گەورە

نا...

کەواتە بۆچی دەتەوی تەرکم بکەیت؟!

٥٧

شەو، مانگ، دەریاو

ماسیگرێکی تەنیا

بێ تۆڕ و بێ قولاپ.

باوەشت ئاوەڵاکە دەریا

ئەمجارە خۆتم دەوێت.

٥٨

لە خۆرئاوایەکی خەماویدا

دەمبەن بۆ سەفەرێکی دوور

قازو قورینگانی کۆچەر

٥٩

که دڵتەنگ دەبیت

چاوەکانت بنووقێنە.

مینا وێنەیەکی خێرا،

یەکسەر ئامادە دەبم!

**٦٠**

تۆ ڕۆیشتوویت و

من لە تەنیاییدا

ئیتر باکیشم نییە!

ئێستا دیسانیش بڵێ درۆزن نیت!

**٦١**

هەموو شار

پاوانی نیگای تۆ و

یادگاری تۆیە.

لە ماڵەوە بمێنەوە!

## ٦٢

فیدای چاوەکانت، تۆزێک پێکەنە

بەمجۆرە کە دەبارێ

خۆریش،

دەوەستێ!

٦٣

بەهار

گوڵ نییە

خونچە نییە

نە سەوزەو

نە سفرەی حەوت سین.

بەهار

تۆی کە هەموو ساڵێک

دووبارە دەبیەوە

دووبارە بەڵام،

وانییە!

**٦٤**

وەرە ئەمشەو کەمێک گەڵا پیاسە بکەین

نیگەران مەبە

کەس پێکەوە نامان بینێت

گەر بشمان بینێت، خەیاڵێک نییە

بڵێ: خەریکبووم پیاسەم لەگەڵ خۆم دەکرد!

٦٥

بەهار

درێژەی بزەی تۆیە

کاتێک: لە بەردە ساردەکانی

زستان

خۆت هەڵداوە!

٦٦

کەوشەنێک لە گۆڕێ نەبوو

هەرچەند دوورتر ڕۆیشتم،

نزیکتر بوومەوە.

چما بە پێچەوانەوە سەرکەوتبێتمە

هەموو پلیکانە کارەباییەکانی دنیا!

٦٧

دەبمە بەڵەمت

چارۆکەم بە

لێگەڕێ هەرچی غەیبەتی خەڵکە

بە هەوادا بچێت، دوورترمان بخاتەوە!

## ٦٨

لەسەر کورسییەکانی بەیانی

بە کاتی دار کاژ،

جێگەی تۆیان گرتووە

قەلەڕەشەکان،

باوەڕکە، بێتاقەت نیم!

لانیکەم لەگەڵم دەدوێن.

**٦٩**

گرنگ نییە ماڵەکەت کۆتایی دنیایە

گرنگ من و ئەم شەقام و هەنگاوانەیە

کە دەمگەیەنێتە تۆ.

٧٠

هەموو سپیێدانێک

لە دارستانی کاژەکەدا،

ناخۆش تێدەپەڕم

بێ فاتیحەیەک لەسەر گۆڕی یادەوەرییەکان.

جارجار ئەوینیش،

ئەو رووە سەگییەی پیشان دەدات!

٧١

لەودیو پیڵووەکانتەوەماڵم کردووە.

ئێستا چەندێک دەتەوێت

چاوەکانت بنووقێنە!

## ٧٢

ئەو ڕۆژە چاوەکانت سەرڕێژی کردبوو،

کاتێک بۆمانەوە

بۆ دڵۆپە فرمێسکێک دامابوویت.

هەمووی خەتای بارانێک بوو

کتوپڕ دایکرد!

## ٧٣

چەند حەیف!

شینترین ماسی ئەویندار

لە حەوزی بلوورینی سنگتدا

هەناسەی لێبڕاو، مرد.

کوڕەی دڵخۆش

تا دەریا

چەندە رایکردبوو!

**٧٤**

هەموو دەریچەکانم بە رووی مانگ و هەتاودا

داخستووە

هەموو پەردەکانیشم

داداوەتەوە.

نە تیشک و نە رووناکی،

نە سرەوە و عەترێکی ئاشنا و،

نە هەستی جوانی هەستان لە پێخەفی پەرێشانی خەیاڵ.

کە تۆ نیت،

هەمیشە ئەمەیە!

## ٧٥

ڕۆیشتووی و

من هەموو ڕۆژێ

بیرێ لەو مۆرانانە دەکەمەوە

بە کاوەخۆ و ئارام

کونجێکی خەیاڵم دەجوون.

تا بێ خەیاڵ نەبووم،

بگەڕێوە!

٧٦

تەنیایی، لقە داریکی ئەودیو پەنجەرەکەمە

جار جار جلی گەڵاً لەبەر دەکات

جار جاریش جلی بەفر

بەڵام، هەمیشە هەیە!

٧٧

ئیتر دڵم بەم ئەوینانە گەرم نابێت

دەبێت بگەڕێمەوە بۆ دایکم

ڕێکەوتە ئیتر!...

٧٨

ئیتر نابمە پڵنگی هیچ مانگێ

کاتێ خۆر

لە چاوانتدا ئاوا دەبێت!

**٧٩**

ئەمڕۆ کەس نەگەیشتۆتەوە ماڵەکەی،

منداڵێکی لاسار

دوێنێ شەو هەموو کۆڵانەکانی شاری

کردبوو بە ناوی تۆوە!

**٨٠**

ئێستا ئیتر

بگەڕێرەوە لای بووکەڵەکانت

دەمەوێت تۆزێک بنووم.

**٨١**

تا ژوانی دواتر

**دەبێت چەند هەفتە عاشق بی؟!**

٨٢

هاو فارگۆنی رووگرژی من

لە شەمەندەفەرێکدا کە بەرەو پاییز دەچێ

تۆزێک پێکەنە

لێگەرێ هێڵەکە بگۆرێت

رووە و وێستگەی بەهار

**٨٣**

دوورتر بوەستە!

کە میهرەبان دەبیت

دڵم زیاتر تەنگ دەبێت

٨٤

پاییز جوانە

بەڵام تەنها

بۆ پیاسەی تەنیا.

وەرزێکی دی وەرە!

## ٨٥

له هەر کوێ بێت

دەنگی کەمانچەیەک هەیە

با بیهێنێت

هەوری یادەوەرییەکانی بباڕێت و

تۆیش تەڕتەڕ

وەک ئێستا کە لە ژێر باراندا پیاسە دەکەیت

لەسەر بەردەفەرشی شەقامی هەر کوێیەک

پیاسە بکەیت

له هەر کوێ بێت، گرنگ نییە

گرنگ دەنگی کەمانچەیەکە

کە با لەگەڵ خۆی دەیهێنێت!

ئەم کۆمەڵە شیعرە لە سەر داوای خودی شاعیر و بە مۆڵەت وەرگرتن لە خودی شاعیر کراوەتە کوردی.